بەنێوی خودای
بێوێنە

# ڕەنگاڵ

شاعیر: زلێخا بەهمەنی

وێنە: سۆمەیە عەلیپەناه

شاعیر: زلێخا بەهمەنی

وێنەکێش: سۆمەیە عەلیپەناه

ساڵ و نۆرەی چاپ: یەکەم، 1400

نرخ

شابەک

ئەژمار: 2000 دانە

چاپەمەنی

ناوەندی بڵاوکردنەوە

منداڵە چاوجوانەکانی کوردستان !
سڵاوتان لێ بێت
ئەم کتێبە وەکوو خەڵاتێکی بەخۆڕایی لەلایان نووسەرەوە پێشکەشتان دەکرێ
هیوادارم ببێ بە هەلێک بۆ نووسین وخوێندنتان بە زمانی دایکی .

بەهیوای سەرفەرازیتان
زلێخا بەهمەنی

«ڕەنگاڵ» ناوی پەرتووکەکەمانە!
ڕەنگەکانی سوور و نارنجی و زەرد لەگەڵ سەوز و ئاوی و نیلی و بەنەوش یەک لە دوای یەک بە شێعرەوە دەبنە مێوانتان. هەریەکە بە تام وبۆنێکە وە لە چوارچێوەی تابلۆیەکی جوان خۆ دەنوێنن .
لە ڕیزبەندی ئەو حەوت ڕەنگە، پەلکەزێڕینە ساز دەبێت و دەبێتە شێعری کۆتایی.
کاتێک بە زمانی شیرینی دایکی شێعری هەر ڕەنگێک دەخوێنیتەوە، ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی شێعرەکە بە دەست وپەنجەی «خاتوو سۆمەیە» نەخشێنراوە و ئاسانتر لە واتا و مەبەستی شێعرەکە تێدەگەی. هاوکات بوار بۆ تۆی ئازیز ڕەخساوە کە بە ئەندێشە جوانەکانت ڕەنگ هەڵبژێریت و وێنەکان بنەخشێنیت.
بەم شێوەیە دەتوانی تام وچێژێکی تایبەت لە خوێندن بەزمانی دایکییت وەربگریت و فێر ببیت کە پەلکەزێڕینە لە کامە ڕەنگانە پێکهاتووە و هەرگیز لەبیری نەکەیت.
هیوادارم کات و ساتێکی خۆش لەگەڵ «ڕەنگاڵ» بەسەربەریت!


سەرفەرازییت بۆ بە ئاوات دەخوازم.

زلێخا بەهمەنی

# ڕەنگی سوور

هەناران و هەنجیران
بەخێر بیتەو دایە گیان
دێر هاتیتەو لەناو شار
چیت سەندووە لە بازاڕ؟
گوڵی جوانی نێو باخان
ئەستێرەگەشەی ئاسمان
سەندم بۆت پارچەی گوڵدار
ڕەنگی جوانە وەک هەنار
جا ئێستە بێژە نازدار
ڕەنگی پارچە و هەم هەنار!
ناوی چییە کچی جوان؟
سوورە! سوورە! دایە گیان





# ڕەنگی نارنجی

سەوزی و ساتوور و تەختە
کاری «گەسکەوان» سەختە

دێنە شەقام و بازاڕ
بۆ خاوێن کردنی شار

تێدەکۆشن بێ وچان
بە پۆشاکێکی جوان

ڕەنگی گەش وەک پرتەقاڵ
کار دەکەن بێ گاڵەگاڵ

خاوێن و پوختەکارن
نارنجیپۆشی شارن






## ڕەنگی زەرد



هەنار نیە و هەنجیرە
دەچم بۆ ماڵ داپیرە
هەنگوێنی سەندگە مەنێ[1]
چاشتانەم[2] بۆ دادەنێ
بۆنی خۆش، تامی شیرین
وێنەی هەتاوی زێڕین
زۆر بەسوود و بەکەڵکە
دەرمانی دەردی خەڵکە
لە لاپەڕەی سپیڕەنگ
دەکێشم ڕێک و بێدەنگ
هەنگێکی جوان و بێگەرد
ڕەنگی دەکەم بە ڕەنگ زەرد
دەیدەم بە دایەپیرە
ئەیژێ ڕۆڵەی من ژیرە



١- مەن: پێوانەیە بۆ کێشانی شت، بەئەندازەی سێ کیلۆ
٢-چاشتانە: نانی بەیانییان



# ڕەنگی سەوز

هەتۆڵ مەتۆڵ تەکامە
سەندگیە دوێکە ئامە[3]
کەوا و کراسێ تازە
پڕ بە بەریە و ئەنازە
ڕەنگی وەسە گەڵای دار
هاوڕەنگی توێکڵی خەیار
دەیکێشم بەوێنەی گوڵ
سەیری دەکا پڕ بە دڵ
ئەیژێ بژی ئافەرین
ڕۆڵەی جوان و نازەنین
ڕەنگی سەوزە کراسی ئەو
ها لە بەریا ڕۆژ و شەو



۳.ئامە: دایەگەورە





# ڕەنگی شین




هەمـوو ڕۆژێ بـەیانی
دایکـم دێـت و بـەجوانی
پـرچـەکـانـم نـاز دەکا[4]
پـەنـجـەرەکە باز[5] دەکا
دەستم دەگرێ لەناو جێ
خێرا هەڵدەستمە سەرپێ
سـڵاو دەکـەم لـە دایـە
گـیـان و دڵـم لـە لایـە
جلی «شینباو»[6] لەبەری
شێوەی جوانە وەک پەری
قـژم دەکـات بـە شانـە
بـۆم دادەنـێ چاشتـانـە
پاشـان دەمـبـات بۆ کایە
هەرخۆش بێ بۆ من دایە







٤- ناز دەکا: نەوازش دەکا، دەست بەسەرداهێنان ٥- باز: کراوە، ئاواڵەکردن ٦- شینباو: ڕەنگێک بەلای ڕەنگی شیندا بکێشێ



## ڕەنگی نیلی


زمسانە ئای زمسانە
تۆف و سەرما مێمانە[7]
دەچمە دەرەو بە سەرما
پۆشاک گەرم ها بەرما

کڵاوێ گەرم و نەرم و شل
شاڵگەردەنێ لەدەور مل
دایەی نازار دەستڕەنگین
بەکاموای[8] جوان و پەشمین

بەشێوەی هەموو ساڵێ
چنی کڵاو و شاڵێ
نیلی ڕەنگی ئەمساڵە
بۆ ئەم کڵاو و شاڵە



٧-مێمان: مێوان
٨-کاموا: کورک،کوورکوو، تووکێکی زۆر نەرمە لە بن مووی بزنەوە دەردێ بۆ چنینی جلی زستانی



## ڕەنگی بەنەوشە

بابەم دوێنێ لە بازاڕ
تۆپی کڕی بۆ ڕزگار
توپێ جوان و خرت و مرت
پێی لێ دەدا فرتە فرت
ڕزگار زۆر زۆر منداڵە
خوێنشیرین چاوی کاڵە
من کایەی لەگەڵ دەکەم
تۆپەکەی بۆ هەڵ دەدەم
پێدەکەنی وردە ورد
دێ بەدوویدا دەستووبرد
تۆپەکەی پڕ لە بایە
منیش دەیبەم بۆ کایە
وێنەی گوڵی وەنەوشە
ڕەنگی جوانی بەنەوشە







# پەلکەزێڕینە

باران بێ و خۆر دەرکەوێ
پێی دەگوترێ «گورگەزێ»
لەپاش بارینی باران
کە هەتاو دێتە ئاسمان
پەلکەزێڕینەی سەرکەش
بەحەوت ڕەنگی جوان و گەش

خۆی دەردەخا لە ئاسمان
جوان و شیرین وەک کەوان
ڕەنگی «سوور» وەک گوڵاڵە
ڕەنگێکی جوان و ئاڵە
دوەم ڕەنگ دێ لە پاڵی
«نارنجی»ی پرتەقاڵی
ڕەنگی «زەردی» وەک هەتاو
لە دوورەو دێتە بەرچاو




یەک لەوانە ڕەنگی «سەوز»
وەکوو لینجاوی ناو حەوز
ڕەنگی «شین» یاخود «ئاوی»
وەک گۆمی پڕ مراوی
ڕەنگی «نیلی» لە دوای ئەو
دەزرێ لە چاومدا خەو

ئەمجا «مۆر» یان «بەنەوشە»
وێنەی گوڵی وەنەوشە
کەوانی ئەو حەوت ڕەنگە
لەو ئاسمانە بێدەنگە
بە پەلکەزێڕینەی جوان
درەوشاوەیە ئاسمان







# فەرهەنگۆک

**سوور**: ڕەنگە، خوێن ڕەنگی سوورە ❋(قرمز)

**گەسکەوان**: پاکەوان ❋ (رفتگر)

**شەقام**: جادە❋(جادە)

**خاوێنکردن**: پاککردنەوە ❋ (پاک کردن)

**تێکۆشان**: هەوڵدان بۆ شتێک ❋ (تلاش کردن)

**داپیرە**: دایەگەورە ❋ (مادربزرگ)

**هەنگوێن**: بەرهەمێکی شیرینە کە هەنگ دروستی دەکات ❋ (عسل)

**چاشتانە**: نانخواردنی کاتی چاشت ❋ (غذایی که به هنگام چاشت خوردەشود)

**مەن**: سەنگێکی تایبەتە بۆ پێوانەی دانەوێڵە ❋ (واحدی دروزن معادل۳ یا ٤ کیلوگرم)

**پرچ**: کەزی، مووی سەر کە لە پشت سەرەوە هۆنرابێتەوە و شۆڕبێتەوە ❋(گیسو، زلف)

**تۆف**: کاتی سەرما و بەفر و با❋(کولاک)

**گاڵەگاڵ**: دەنگەدەنگ،هەراهەرا ❋(سرو صدا)

**لاپەڕە**: ڕوویەک لە پەڕەیەک کاغەز ❋(صفحه کتاب)

**گۆم**: گۆلی قووڵ ❋ (ژرفاب راکد)

**مراوی**: مەلێکی مەلەوانی دەنووک پانی پێ پەڕەدارە ❋(مرغابی)

**پاڵ**: تەنیشت، کەنار ❋ (کنار، جانب)

**هەڵ دەدەم**: فڕێی دەدەم ❋ (پرتاب می کنم)

**لینجاو**: شتی لینجی شل ❋ (مایع لزج)

**درەوشانەوە**: درەخشانەوە❋ (درخشیدن)